# بەبێ جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت پرۆسەی چاکسازی سیاسی سەرکەوتوو نابێت

## لە دروشمەکانی ( ١٦ ) هەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو

# مەهدی مەحمود: لەو ڕۆژەی کە یەکگرتوو خۆی ئیعلان کردووە، تا ئێستا بە ئاراستەیەکی هەڵکشان دەڕوات و ڕێڕەوێکی باشی وەرگرتووە

ئیبراهیم هارونی
یەکگرتوو/ هەڵەبجەی شەهید

بەبۆنەی (١٦) ساڵەی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە، بە باشمان زانی بەرپرسی مەڵبەندی (٥) بەڕێز (مەهدی مەحمود) بدوێنین بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێك لەبارەی مەڵبەندەوە.

**÷: پەیامەی بەڕێزتان بەبۆنەی (١٦) ساڵەی یادی ئیعلانکردنەوە چییە؟**

**مەهدی مەحمود:** سوپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە. سەرەتا بەبۆنەی (٢/٦) کە (١٦) ساڵ تێپەڕ دەبێ بەسەر ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا، گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزجەنابی ئەمینداری گشتی و تەواوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سەرجەم ڕێکخستنەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکەم، هیواخوازم ئەمساڵ ساڵێکی وەرچەرخان بێت لە بەرەوپێشچوونی یەکگرتوو لە هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە ئەو هەنگاوی تێدا ناوە.

**÷: کورتەیەك لە مێژووی مەڵبەندی هەڵەبجە و ئەو بەرپرسانەی بوونەتە لێپرسراوی ئەو مەڵبەندە؟**

**مەهدی مەحمود:** هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە شاری هەڵەبجە یەکێك بووە لەو لقانەی کە لە سەرەتای ڕاگەیاندنی حیزبەوە چەند لقێك هەبوون، ئەوکات هەڵەبجەش یەکێك بوو لەو لقانە و بەندە بەرپرسی لقی هەڵەبجەی شەهید بووم، لە ساڵی (١٩٩٦) کە کۆنگرەی دووەمی حیزب گیرا و بڕیار درا هەڵەبجە بکرێتە مەڵبەند و تا ئەمڕۆ، چەندین بەرپرسی هەبووە. سەرەتای بوون بەمەڵبەند (م. حەمەڕەشید ماوەتی) پاشان م. جەعفەر مستەفا و فازیل حەیدەر و م. حەمە سەعید حەمە عەلی و شێخ حەسەن شێخ عەبدوڵلا و بەندەش کە ئێستا نزیکەی (٤) ساڵ زیاترە بەرپرسی مەڵبەندم.

**÷: سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئیش و کارەکانیان لەم دەڤەرەدا چۆنە؟**

**مەهدی مەحمود:** ئیش و کارەکانمان سوپاس بۆ خوا مایەی دڵخۆشییە و توانیومانە ڕۆڵێکی باش ببینین لە هەڵەبجەدا، یەکگرتوو لەم شارەدا پێگەی قایمە سوپاس بۆ خوا، هەموو هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان و قوتابییان و مامۆستایان تەئکیدی ئەو ڕاستییە دەکەنەوە، هەتا هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)یش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکگرتوو توانیویانە ڕۆڵی گەورە ببینن لە دەنگدان و ئامادەبوون لە هەموو کاتەکاندا.

**÷: هۆکاری مانەوەی ئەندامان و تەزحیەدان بەخۆیان، لەپێناوی چیدایە؟**

**مەهدی مەحمود:** هۆکاری مانەوەی خەڵکی لە ڕیزەکانی یەکگرتوودا زۆرن، بەڵام گەورەترینیان و بەهێزترینیان ئەوەیە کە خەڵك ئەگەر هۆشی کردەوە و بە چاوێکی ورد و قووڵەوە سەیری شتەکانی کرد، ئەکرێ تێبگات لەم ڕێکخراو و حیزب و گروپ و دەستانەدا و خۆی لە کامیاندا ببینێتەوە، شت زۆر گۆڕاوە لەملا بۆ ئەولا، لەلایەك بۆ لایەکی تر، یانی گۆڕانگاری زۆر بووە لەناو حیزبەکاندا، هەتا ئەوەی حیزب بووەتە دە بەش، یان سێ بەشەوە، ستراتیژیەتی خۆیان گۆڕیوە بە چەند ساڵ جارێك، بەڵام یەکگرتوو ئەو حیزبەیە کە یەکەم بەیاننامەی لە (١٩٩٤/٢/٦)دا بڵاو کردەوە، ئەو بەیاننامەیە ئێستەش لە مستەوایەکی زۆر بەرز و باڵادایە، چونکە هەموو ئەو ئیدیعایانەی کە لەو کاتەدا کردوویەتی و بانگەشەی بۆ کردووە، ئێستە خەڵکانی تر و حیزبانی تر دێن ئەو بانگەشەیە دەکەن، ئەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی تر ئێمە لە هیچ شتێکی خۆمان پەشیمان نین لە ماوەکانی ئەو ١٦ ساڵەی ڕابردوومانداا، کە ئەوە گەورەترین سەرمایەی یەکگرتووە و بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لایەنگر و دۆست و هاوهەڵوێستی یەکگرتوون، یەکگرتتوو کە حیزبێکە شتێکی لەدەست رووی نەداوە و نەیخراپاندووە، کە کەسێ پەشیمان بێت و بیەوێ چاکی بکات، هەموو شتەکان سوپاس بۆ خوا بە ئاقارێکی باشدا ڕۆشتوون، کە ئەوە دیارە دڵسۆزی و لێبڕاوی سەرکردایەتی و جدیبوونی هەموو ئەندامان و دڵسۆزان و دۆستەکانیەتی.

**÷: تا چەند توانیوتانە کاریگەریتان هەبێت لە ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زانستییەکانی ئەم ناوچەیەدا؟**

**مەهدی مەحمود:** یەکگرتوو لە دەڤەری هەڵەبجەدا و لە هەموو شوێنەکانی تریش، توانیویەتی کاریگەری بەرچاوی هەبێت لە هەموو کایەکاندا، لە بوارەکانی ڕۆشنبیریدا، ئەوە یەکگرتوو شۆڕشێکی زانیاری گەورەی دروست کردووە لەسەر هەموو ئەو چەمکە فکری و سیاسی و هۆشیاری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەخلاقییانەی کە سەردەمانێك ئەو چەمکانە ئاوەژوو کرابوون لە ماناکانیان، لەبەر ئەوە ئەو شۆڕشە زانیارییە گەورەیەی کە دروست بوو لە سایتەکەیدا وڕاگەیاندنەکانی بینراو و بیسراو و ڕۆژنامەکەیدا و ئایدیاکانی و ناوەندەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەو هەموو سەنتەر و ڕێکخراوانەی کە خزمەتێکی بەرچاویان کردووە، ناوەندی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو توانیویەتی نمونەی جوان و خزمەتی زۆر باش پێشکەش کات لە هەڵەبجە و شوێنەکانی تر و، لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئەوانەی کردوومانە، هیچ شەرماوەر نییە، هەمووی مژدەبەخشە و مایەی دڵخۆشکردنە بۆ خۆمان و غەیری خۆمان.

**÷: ئاراستەی سیاسی حیزب بەرەو کوێ دەڕوات؟ تا چەند گەشبینن کە ساڵی داهاتوو باشتر و پڕ بەرهەمتر بێت لە ڕابردووتان؟**

**مەهدی مەحمود:** ڕاستی ئەوەیە کە حیزبی سیاسی خۆی لەخۆیدا دیارە ئامانج و مەبەستەکانی چییە، ئێمە بەشێك لە ئیشەکانمان بەڕاستی کاری سیاسییە و ئاراستەی حیزب لەو ڕۆژەی کە یەکگرتوو خۆی ئیعلان کردووە تا ئێستا، بە ئاراستەیەکی هەڵکشان دەڕوات و ڕێڕەوێکی باشی وەرگرتووە و ئێستا دەردەکەوێ کە ئەحزابی سیاسی ئەگەر بنەمای فکری بەقوەت بێت، ڕاستگۆ بێ، بەها ئەخلاقییەکانی بەهێز بێت و ڕاستگۆ بێت لەگەڵ پەیامەکەیدا و، ئەو کەسانەی کە هەڵگری ئەو پەیامەن، ڕاستگۆ و دەستپاك و دەم پاك بن، ئەمانە بەڕاستی ئەبنە مایەی خێر بۆ خۆیان و بۆ غەیری خۆشیان، حیزبەکەیان لە قۆناغێکەوە دەگوێزنەوە بۆ قۆناغێکی باشتر و باڵاتر، لەبەرئەوە ئاراستەی یەکگرتوو ئێستای لە هەموو کاتێکی باشترە و ئومێدەوارین داهاتووشی گەشتر و جوانتر و باشتر بێت.

کۆتایی قسەکانم بەوە دێنم کە قورئان لە دەیان شوێندا دەفەرموێ (والعاقبە للمتقین)، "کۆتایی هەر بۆ ئەو کەسانەیە کە خۆیان دەپارێزن لە هەموو ئەو شتانەی کە خراپن"، یان (فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنْفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ) (الرعد ١٦/ ١٧) خوای گەورە بۆ حەق و ناحەق، ڕاست و ناڕاست نمونە دەهێنێتەوە و دەفەرموێ "جا ئەوەی کەفوکوڵە و بێ سود و بێ کەڵکە، دەڕوات و دەپووکێتەوە، بەڵام ئەوەی کە سودبەخش و بەکەڵکە بۆ خەڵکی لەسەر زەویدا.



(مەهدی مەحمود)

* لەدایکبووی (١٩٦٠)ی شاری هەڵەبجەی شەهیدە.
* دەرچووی زانکۆی موسڵ/ کارگێڕی و ئابوری/ ئابوری ١٩٨٥.
* لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.
* ئێستا بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی شەهیدی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە.




## ستێپ



هیوا حامد

## جگە لەخۆت کێ ڕێگرە ؟؟

زۆر جار مرۆڤ بۆ شاردنەوەی شکستەکانی پەنا بۆ خەتابارکردنی بەرامبەر دەبات یان هیچ نەبێت ئەی پێچێتە ملی زەمانەی بەستەزمان. بێگومان ئەمە دەردێکی کوشندەی مرۆییەو ئادەمیزاد لەرۆژی دروست بونیەوە بەدەستیەوە دەناڵێنێت . لەراستیدا مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە لەئەنجامی شکست و سەرکەوتنی لە کارەکانیدا هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت (من عمل صالحا فلنفسە ومن اساو فعلیها ) صدق الله العظیم، وشەی (من) هەمیشە میوانی ئەو بەرو مەجلیسانەیە کەباس و خواسی سەرکەوتنیان تیادا دەکرێت خوا هەڵناگرێت (تۆ) و(ئەو)یش بێ بازاڕ نین بەڵام لەکوێ ؟ لەو کۆرو کۆبونەوانەی کەبۆ تاوتوێ کردنی شکست ئەنجام ئەدرێن. حیزبەکانیش بەهەمان شێوە لەتاشینی پاساوی نابەجێ بۆ پاشەکشەکردنیان زۆر لێزانن پێتان سەیر نەبێت حیزبی واهەیە لە ئێستاوە خۆی ئامادەکردوە بۆ خەتابارکردنی ئەو کەس و لایەنانەی بەرپرسیارن لە شکستهێنانیان لەهەڵبژاردنی داهاتودا؟ جا ئەندامان و دۆستان ولایەنگران و هەواداران وجەماوەری حیزبە دۆڕاوەکانی هەڵبژاردنی ئایندە خۆتان ئامادەکەن بۆ بیستنی بەلێشاوی پاساوی پڕوپوچ کەبێگومان بن بە سەدبارە کردنەوەیان گوێچکەی هەموتانی پێ سیخناخ دەکەن.

دەڵێن رۆژێکیان لەپرسگەی یەکێك لە کۆمپانیا گەورەکان لەکاتی هاتنە ژورەوەی هەر فەرمانبەرێك لەپرسگە نامەیەکیان پێدەدرێت و داوایان لێ دەکرێت بیخوێننەوە ، دوای خوێندنەوەی بۆیان هەیە بچنە ژورەوە. کاتێك فەرمانبەرەکان نامەکە دەکەنەوە نوسراوە (ئەو کەسەی کە رێگرت بوو لە پێشکەوتن لە کۆمپانیاکەدا مرد !! گەر دەتەوێت بەبینی ئاسودە بیت تەرمەکەی لە فلانە کۆگا ئامادە کراوە تاوەکو بەرەو گۆرستان ببرێت دەتوانیت برۆییت بیبینیت) فەرمانبەرەکان بێ ئەوەی بەیەکتر بزانن لە دوای چونە ژورەوەیان یەکسەر رودەکەنە کۆگای ئاماژە پێ کراو لەرێگەدا توشی ئەو فەرمانبەرانە دەبن کە لە کۆگاکە دێنە دەرەوە. پرسیار لەیەکتر دەکەن کەسیان وەڵامی ئەوی تریان ناداتەوە، بەڵکو حەپەساو دێنە بەرچاو وەك ئەوەی شتێکی زۆر نائاسایی روی دابێت، رەنگە بپرسن بڵێن باشە دەبێت چی روی دابێت ئاوا هەمویان بەحەپەساوی دێنە دەرەوە ،راستیەکەی ئەوەیە کەفەرمانبەرەکان بەخەیاڵی خۆیان دەچن سەیری تەرمی ئەو کەسە بکەن کە رقیان لێیەتی و بە بەرپرسیاری دواکەوتن و نارەحەتیەکانی خۆیانی دەزانن، دیارە هەر فەرمانبەرەو کەسێکی لەخەیاڵی خۆی داناوە. کەچی کەدەچنە سەر دار جەنازەکە خۆیان لەناو دار جەنازەکەدا دەبینن .بۆیە یەکسەر توشی شۆك دەبن و بە پەشۆکاوی دێنە دەرەوە !! دەزانن بۆ ؟؟ چونکە لەراستیدا لە ناو دارجەنازەکە تەنها ئاوێنەیەکی تێدایەو لەکاتی سەیرکردن خۆیان لەناو دارجەنازەکە دەبینن!! دوای ئەوەی سەرجەم فەرمانبەرەکان ئەم سیناریۆیە دەبینن ،بەرێوەبەری کۆمپانیاکە کۆیان دەکاتەوەو حیکمەتی ئەم کارەیان بۆ شی دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ پێی وایە رێگرێك هەیە لەبەردەمی بەرەوپێش چونی ئەوە تەنها خۆیەتی نەك خەڵکی تر. جا لەکۆتاییدا دەڵێین هەرگیز تاوانی دواکەوتن و دۆڕاندنەکانتان مەخەنە ئەستۆی خەڵکی تر ئەگینا ئەوانیش شەیتان ئاسا پێتان دەڵێن ( فلا تلومونی ولوموا انفسکم) صدق الله العظیم.

hiwa197800@yahoo.com